١٨

ئێستا شار وەك جاران نییە و بێ نموودە
بێ هەیبەتی خەنجەرەکەی ناو پشتوێنی
شێخ مەحمودە



١٩

سلێمانی دەزانم تۆ وەك قەقنەس وای
لە ئاسماندا لە ناو خۆڵەمێشی خۆت زیندوو دەبییەوە
تۆ لە رەگەزی کاژی
تەیری گوڵ لە گەڵاٚتا ناژی

* ئەم شیعرە بەشێکی بچووکە لە خۆشەویستیم بۆ ئەم شارە وگریانیکی هێمنی خۆمە بۆ هەمووان و بەدەرە لە زەمەنی ئێستا و پەیوەستە بە قووڵاٚیی مێژوو.

٣٢

که بیر لەو ئەشقە قووڵەی خۆم دەکەمەوە
دەڵێم تۆ نیت ئەسلەن تۆ وجودت نییە
تەنها تۆ و ئەو خودایە
ئازاری ئەو گومانەتان تیایە



٣٣

من ئێستاکەش نازانم
من لەبەرچی خودام بە تۆ بەستۆتەوە
یا تۆم هێناوتە سایەی خوا
ئێوە بە تەنها یەک بتن
شیعرم دەڵێ ئێوە هەردووکتان یەک شتن
من دەگەڕێمەوە بۆ کتێب

١٧

هەکوو کتێبەکان وەك یەکن دەڵێی بران

هەموو ئەویندارەکان رووناهین دەڵێی چران

هەموون ئاگرەکان جیاوازن لە داگیرسان



١٨

کتێبەکان بەرەگەز سەر بە کڵۆکۆی ئاگرن

بۆیە هەمیشە بە بۆنی دوکەڵو ئەوین سەرخۆشن

ئاگرەکان بەرەگەز سەر بە ئەوینی کتێبن

بۆیە هەمیشە خۆیان بە کڵپە دادەپۆشن

٦

بەلاّم ئاخ  تازە دلّ لە دلّ ترازاوە
ئەو داخە بە کیّ رەش دەبیّتەوە
کە ئاگر لە پووش بەربیّ
تازە بە کیّ دەکوژیّتەوە
من تازە چۆن دەبمەوە خۆم
کە تۆ هەمووت داگیر کردووم
من چۆن زیندوو دەبمەوە
کە لە میّژ سایە من لە تۆدا مردووم؟



## ئارەزوێکی سادە

سوڕانەوەیەك بەسە
پەی بە هەموو سەمایەکانت ببەم
وەستانێك بەسە
هەموو رۆیشتنەکانت ئاشکراکەم
درەختێ بەسە
هەموو دارستانەکانت بدۆزمەوە
جۆگەلەیێ بەسە رووبارەکانت ببینم
گوڵە گەنمێ بەسە کێڵگەکانت بناسمەوە
تاقە رەشماڵێ بەسە
تاولی هەموو کوێستانانت
بەسەر رۆحما ببەشمەوە

٥

چۆنت بگرمەوە ئەی رۆحم
کە رۆحمت ویران کردووە
هەرچی بیناو جەستە هەیە
لە منت داگیر کردووە



## سەرەتاکان

سەیرکە هەموو شتیٚ
دەگەڕێتەوە جانگی خۆی
هەموو شتیٚ دەست بەبوونی خۆیدەگرێت و
دەگەڕێتەوە یەکەمین بانگی خۆی
مانگ نووری خۆی
بە هەموو زەمین دەبەخشیٚ
کە ماندوو بێت ئاوا دەبیٚ
هێور هێور دەگەڕێتەوە جێگای خۆی
خۆر دونیا پڕ ئاور دەکا
کە باڵەکانی شل دەبیٚ
دەگەڕێتەوە رێگای خۆی
مەل بە هێزی باڵەکانی
لەو ئاسمانە بەرینەدا وەرەز دەبیٚ
خێرا دەچێتەوە ناو لانەی خۆی

